گەلی یەکەمی هەڵبژاردنی سەرکایەتی کۆماری ئێران کۆتاییهات و ئەنجامەکانی بەرایی ئاشکرا کرا

وتەبێژی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی ئێران ئەمە شەممە رایگەیاند، لە کۆی 24 ملیۆن و 535 هەزار و 185 دەنگی جیاکراوە، مەسعود پزیشکیان، کاندید و بەربژێر بە سەرکایەتی کۆماری ئێران 10 ملیۆن و 415 هەزار و 991 دەنگی بەدەستهێناوەو لە ڕیزبەندی دووەم سەعید جەلیلی، نە ملیۆن و 473 هەزار و 298 دەنگی بردوەتەوە.

موحسین ئیسلامی وتیشی: محەمەد باقر قالیبەف، سەرکی پەرلەمانی ئێران 3 ملیۆن و 383 هەزار و 340 دەنگی بەدەستهێناوەو مستەفا پورمەحەممەدی، وەزیری داد 206 هەزار و 397 دەنگی بەدەستهێناوە.

بەپێی ماددەی 117ـی دەستوری ئێران، لە گەلی یەکەمی هەڵبژاردنی سەرک کۆماردا پێویستە کاندید 51ـی دەنگەکان بەدەستبهێنێت بە ئەوەی ببێتە سەرک کۆمار.

بەوهێوەش، بەیارە مەسعود پزیشکیان و سەعید جەلیلی هەردوو کاندیدی سەرکایەتی بەیارە لەڕێی 4ـی تەمموز لەگەلی دووەمی هەڵبژاردنەکانی سەرکایەتی کۆماری ئێران پێشبڕکێ لەنێوانیاندا بکرێت.